cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 2

راهێنەری پێشمەرگەی هەولێر باس لە قۆناغی داهاتوویان دەکات

سەمیر بابۆ: هیچ خەڵاتێکی داراییمان لە فیدراسیۆنەوە وەرنەگرتووە

دیمانە: بارزان ئەکرەم

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی هەولێر توانی ببێتە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان، لەسەر دەستی راهێنەری بەناوبانگ سەمیر بابۆ، خەونی جەماوەرەکەی و دەستەی کارگێڕیی یانەکی هێنایەدی، لە ئێستادا یانەکە لە قۆناخێکی ترایە، بۆ ئەم مەبەستە کەوتوونەتە خۆ ئامادەکردن و نەخشە کێشان بۆ قۆناخی داهاتوو.

سەمیر بابۆ گوتی: من پێشووتر لەگەڵ هەولێر ئەم نازناوەم بەدستهێناوە، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازبوو لە گەڵ یانەیەکی دیکە و کۆمەڵە یاریزانێکی جیاواز، بۆیە هەستێکی خۆشی پێبەخشیم هەرگیز ئەو ساتەش لە بیر ناکەم، بە تایبەت وەرزی ڕابردوو زۆر نزیک بوو ببینە پاڵەوان لە ساتەکانی کۆتایی لە دەستماندا، سوپاس بۆ خوا ئەم جارە خەونەکەمان هاتەدی.

کاپتن سەمیر زیاتر گوتی: تا ئێستا هیچ خەڵاتێکی داراییمان وەرنەگرتووە لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان، وەهیچیش دیار نییە، کە خەڵات دەکرێین یان نا ، لەگەڵ تیپەکەشم لە پشووداین هیچ کۆبوونەوەیەکیشمان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی ئەنجام نەدایە.

سەمیر زیاتر جەختی لە سەر قۆناخی دوای یەکەم بوون دەکاتەوە بەتایبەت ئەو یانەیەی یەکەم دەبێت بەشداری هیچ خولێکی دەرەوە نەکات، ئەمەش کاریگەری تەواوی دەبێت بەسەر یاریزانان و یانەکەمان، بۆیە دەبێت چارەسەرێک بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزرێتەوە، زیاتر دەروونی یاریزانەکە شپرزە دەکات و ڕەنگە بڵێت ماندووبوونەکەمان بە فیرۆ ڕۆیشت، چارەسەر ئەم بابەتەش تەنها لای فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستانە.

پلانی ڕاهێنەر بۆ وەرزی داهاتوو، پێویستمان بە چەند یاریزانێک دەبێت، ئەو یاریزانانە دەبێت بە ئەزموون و بەشێکیشیان لاو بن، چونکە تیپەکەم پێویستی بە هەردوو جۆری یاریزان هەیە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەشێک لە یاریزانەکان ڕوو بکەنە یانەی دیکە ئەمەش شتێکی ئاسایە لە تۆپی پێدا.

رهێنەری پاڵەوان وتی: دەربارەی ماوەی دەستپێک و کۆتای هاتنی خولەکە درێژە، ئەوەش بە هۆی شێوازی خولەکە، کە بە شێوەی دوو کۆمەڵە بەڕێوە دەچێت، گەر یەک کۆمەڵ بێت باشترە، بەڵام ئێمە وەک یانەی پێشمەرگەی هەولێر پلانی خۆمان دەبێت بە یەکجاری لە مەشق و ڕاهێنان دانابڕێن تا کاتی دەستپێکی خولەکە بۆ ئەوەی بەتەواوی یاریزان توانای جەستەی لە دەست نەدات.

بۆ زانین پێش هاتنی قەیرانی دارای ئەو یانەی یەکەم دەبوو بڕی 100 ملیۆن دیناری وەردەگرت، بەڵام لە ئێستادا فیدراسیۆن هیچ بڕە پارەیەکی لە بەردەستدا نییە بۆ خەڵاتکردنی یانە سەرکەوتووەکان، هەولێش دەدات ئەم خەڵاتە دابین بکات، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنیان دەستنەکەوتوو.

بەپیری دەچێتەوە بەر هەویری

شاراپۆڤا دەیەوێت بگەڕێتەوە پێشەنگ

کچە شۆخ و شەنگی ڕووسی ماریا شاراپۆڤا پۆلینکاری یەکەمی پێشووی جیهان، نایەوێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکات، دوای گەڕانەوەی لەسزای ماده وزەبەخشەکان بۆ ناو یاریگا، بەڵام دەیەوێت ڕکابەری لەسەر نازناوە گەورەکانی تێنسی سەرزەوی بکات. شاراپۆڤای تەمەن 30ساڵ لە دوو شەمەی ڕابردوو لەمیانی پاڵەوانێتی ئیتاڵیای کراوە سەرکەوت بەسەر کچە ئەمریکی کریستینا میگهێل بە 4-6و ?2-6بەمەش پێگەی خۆی لە پاڵاوتنەکانی پاڵەونێتی وێمبڵدۆن مسۆگەرکرد.کچەیاریزانی ڕووسی ڕکابەرییەکی بەهێزی هەبوو بۆ ئەوەی لەلیستی پۆلینکاران پێش بکەوێت و گەیشتنی بە پاڵەوانێتی یاریگا چیمەنەکان مسۆگەر بکات، لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی بلیتی داوەتنامە بکات، بۆ چوونە ناو قۆناغەکان سەرەکی پاڵەوانێتییەکە کە لەساڵی 2004 نازناوەکەی بەدست هێنابوو. شاراپۆڤا لەدوای 15مانگ سزا جارێکی دیکە گەڕایەوە ناو یاریگاکان، دوای ئەوەی لەپشکنینەکانی دەرکەوتبوو کە ماددەی وزەبەخشی میلدۆنیۆمی لە پاڵەوانێتی ئوستراليای کراوەی 2016بەکارهێنابوو. لەدوای گەڕانەوەی لەنیسانی ڕابردوو شاراپۆڤا داوەتنامەی لە خولەکانی شتوتگارت و مەدرید و ئیتاڵیا بۆهات. لەدوای دوایین سەرکەوتنی شاراپۆڤا گوتی: هیوی تایبەتیم هەیە، ئەگەر پێشتر خولێکی گەورەت بەدەستهێنابێت و لەپێشەوەی ڕیزبەند بووبیت، درک بەم هەستەم دەکەیت. ئەم هەستە بەردەوام لەناخت دەمێنێتەوە، دەزانیت کە دەبێت لەپێناو بەدیهێنانیدا دەبێت چی بکەیت، دەمەوێت جارێکی دیکە ئەم هەستەم تاقی بکەمەوە، بەدڵنیایەوە ئەمە ئامانجمە، بێگومان هەموو هەفتەیەک گرنگی خۆی هەیە، لەوانەیە باشترین ئاستم پێشکەش نەکردبێت، بەڵام هەڵێکم دەستکەوت بۆ ئەوەی یاریی دیکە ئەنجام بدەم، هیواخوازم ئاستم باشتر بێت، کە پێویستیم پێیەتی.

ئارسنالْ یەکەمین بۆندی واژووکرد

رۆژنامەی (دیلی ئێکسپرێس)ی ئینگلیزی لە شارەزای تۆپی پێی ئەڵمانی لی برایس بڵاویکردەوە، کە سەعید کوالاسیناک بەرگریکاری بۆسنی لەیانەی شالکەی ئەڵمانی پشکنینی پزیشکی بەسەرکەوتوویی تەواوکرد وەکو سەرەتایەک بۆ پەیوەندیکردن بەیانەی ئارسنالی ئینگلیزی، کە تەنها یەک هەنگاوی ماوە یانەی شالکە جێبهێڵێت و درێسی یانەی لەندەنی بەفەرمی بپۆشێت، شارەزای تۆپی پێی ئەڵمانی دەڵێت: بەرگریکاری بۆسنی بۆندی پەیوەندیکردنی بەیانەی ئارسنالْ کۆتایی هاتووە، لەگەڵ ئەوەی ڕاهێنەری فەرەنسی ئارسین فینگەر ڕەتی دەکاتەوە. بڕێس لە لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەی ئینگلیزی دەڵێت: کوالاسیناک ڕازی بووە بەبۆندێکی 5ساڵی بچێتە یانەی لەندەنی و شایستەی نوێکردنەوە بێت بۆ وەرزی شەشەم، کوالاسیناک دەتوانێت زیاتر لەشوێنێک یاری بکات، لەگەڵ لایەنی بەرگری و هێڵی ناوەڕاستی بەرگری، ناوبراو بەشداری 36یاری کردووە لەگەڵ یانەی شالکە 3گۆڵی تۆمارکردووەو 9گۆڵی دروستکردووە. سەعید کوالاسیناک یەکێکە لەو ئامانجانەی کە یانەکانی ئیڤرتۆن و مان سیتی و لیڤەرپوول دەیانەوێت بیپێکن، بەڵام ئارسنالْ پێش هەموویان کەوت و گرەوەکەی بردەوە. یانەی ئارسنالْ هەڵێکی گەورەی لەبەردەم دایە بۆ ئەوەی لەوەرزی داهاتوو بەشداری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکات، کە ئێستا لەپلەی پێنجەمدایە بە 69خاڵ، تەنها 1یاریشی ماوە.

یۆڤی یاریزانێکی بەرشلۆنە دەکڕێت

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردەوە، کە یانەی یۆڤنتۆس ئامادەیە بڕی 25ملیۆن یۆرۆ بۆ بۆندی ڕافیینا یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە بدات، لەماوەی گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوودا، ڕۆژنامەی (کۆریری دیلۆ سپۆرت) ئاماژەی بەوەکرد، کە یانەی یۆڤی بڕی 25ملیۆن یۆرۆ دیاریکردووە بۆ کڕینی یاریزانی هێڵی ناوەڕاست ڕافیینا بۆ نۆژنکردنەوەی ئەم هێڵەی یانەکەی لەوەرزی تازەدا، چاوەڕێ دەکرێت بۆندەکە سەرکەوتوو بێت بەهۆی ئەوەی ناوبراو بەسەرەکی لەیانەی کاتەلۆنی یاری ناکات. یاریزانی بەرازیلی لەم وەرزە لە 28یاریدا بەشداری کردووە، تیایدا 7گۆڵی تۆمارکردووەو 5گۆڵی دروستکردووە. وەرزی ڕافینای تەمەن 24ساڵ بەزووییی کۆتایی هات بەهۆی ئەو پێکانەی لەنیسانی ڕابردوو لەئەژنۆی تووشی هات، لەیاری گرناده لەگەڕی 29ی خولی ئیسپانیا، کەبەهۆیەوە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا.